# شیكردنەوەیەكی ئابوریانە بۆ بەرهەم هێنان و دابەشكردنی ئاو لە شاری سلێمانی لەماوەی ( ١٩٩٠-٢٠١٤ )

توێژینەوەی
د.كامران احمد حمە
مامۆستا لە بەشی ئابوری
كۆلێجی كارگێڕی و ئابوری
زانكۆی سلێمانی
٢٠١٦

## پێشەكی

بەرهەم هێنانی ئاو بابەتێكی گرنگە لە ناو زانستی ئابوریدا ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئاو خۆی كە ناكرێت هیچ بونەوەرێك بونی هەبێت بە بێ بوونی ئاو هەروەها بەكارهێنانی لە كەرتە ئابوریەكاندا وەك كشتوكاڵ و پیشەسازی ، لێرەوە زانستی ئابوری ئاوی وەك كالایەكی پێویست هەژمار كردوە و مامەڵەی لە گەڵدا دەكات ، ئاو لەیەك كاتدا شمەكێكی بەرهەم هێنان و بەكارهێنانیشە ، لەم ڕوانگانەوە ئەوە هاتۆتە ئاراوە توێژینەوەیەكی زانستی ئەنجام بدرێت دەربارەی بەرهەم هێنان و دابەشكردنی ئاو لە شاری سلێمانی ، دەرخستنی میكانیزمی كاركردن لە كەرتی ئاو لە شاری سلێمانی كە ڕاستەوخۆ لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت . لەو ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دراوە .

## گرفتی توێژینەوەكە :

گرفتی ئەم توێژینەوەیە لە كەمی ئاوی دابەشكراو بەسەر هاولاتیاندا خۆی دەبینێتەوە كە ڕۆژانە لە لایەن هاولاتیانەوە بەكاردەهێنرێ و بەكار دەبرێت .

## ئامانجی توێژینەوەكە :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی باری ڕاستەقینەی بەرهەم هێنان و دابەشكردنی ئاوە لە شاری سلێمانی كە لەلایەن بەڕێوە بەرایەتی ئاوی سلێمانیەوە پرۆسەكە بەڕێوە دەبرێت ، لەگەڵ كەلێنی ئاوی بەرهەمهێنراو بەراورد بە خواست و شێوازی نرخاندنی ئاو و دوا هەوڵەكان بۆ ئەوەی نرخی ئاو بە پێی تێڕوانینی تیۆری ئابوری دابنرێت بە دانانی پێوەر و بڕی ئاوی بەكارهێنراو .

## گریمانەی توێژینەوەكە :

ئەم توێژینەوەیە پشت بە دوو گریمانە دەبەستێت كە ئەمانەن :

١- ئاوی بەرهەم هێنراو و دابەشكراو لە ناو شاری سلێمانی تەواوی خواستی بەكارهێنەران و بەكاربەرانی بە درێژایی ساڵ بە گشتی و هاوین بە تایبەتی پڕناكاتەوە .

٢- میكانیزمی دابەشكردنی ئاو و نە نرخاندنی ئاو بە شێوەیەكی زانستی هۆكاری كێشەو گرفتی ئاوە لە ناو شاری سلێمانی .

## گرنگی توێژینەوەكە :

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی ئاوەوە سەرچاوە دەگرێت وەك كالایەكی ستراتیژی گرنگ لە ناو شاری سلێمانیدا ، وەك ئەوەی كە ژیان لە هیچ شوێن و جێگایەك بیّ ئاو دروست نابێت ، بەكارهێنان و بەكارخستنی ئاو لە تەواوی كەرتە ئابوریە جیاوازەكانی ناو شار بەدی هێنەری گرنگی ئەم توێژینەوەیەن .

## میتۆدی توێژینەوەكە :

لە بنەڕەتدا ئەم توێژینەوەیە لە دوو باسی سەرەكی پێك هاتوە باسی یەكەم ﴿ خستنەڕوی ئاو بە پێی تیوری ئابوری ﴾ بابەتە تیۆریە تایبەتەكان بە بەرهەم هێنان و خستنەڕو نرخدانانی ئاو دەگرێتە خۆ ، توێژینەوەكە پشت بە میتۆدی كوانتیتەیتیڤ ( Quantitative ) دەبەستێت بە شێوەیەك داتای فەرمی بۆ ماوەی دیاری كراو وەردەگرێت لە شاری سلێمانیدا .لێرەشەوە لە ئەو گۆڕاوە ئابوریانە دەكۆڵێتەوە كە لە دروستبونی دیاردەكەدا بەشدارن وەك دانانی نرخ و ئەو هۆكارانەی خستنە ڕوی ئاو دیاریدەكەن لەگەڵ ئەو هۆكارانەی خواست لەسەر ئاودیاری دەكەن كە لە چوار ڕوانگە پێك دێت ، باسی دووەم ﴿ پرۆسەی بەرهەم هێنان و دابەشكردنی ئاو لە ماوەی ( ١٩٩٠-٢٠١٥ ) ﴾ كە تایبەتە بە دەرخستنی بڕی ئاوی بەرهەم هێنراو بە پێی سەرچاوە جیاوەزەكانی ئەو كالایە ، ئەم باسەش لە چوار ڕوانگەی سەرەكیەوە خراوەتە ڕوو .كە شێوازی دابەشكردن و نرخ دانان ڕون دەكاتەوە .

لە كۆتاییدا توێژینەوەكە دەگاتە چەند دەرئەنجام و پێشنیارێكی تایبەت بە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشكردنی ئاو لە ناو شاری سلێمانی ، بە هیوای بەدی كردنی ڕێگا چارە بۆ گرفتی كەم ئاوی لە شاری سلێمانی .

توێژەر

## باسی یەكەم

## خستنەڕوی ئاو بە پێی تیوری ئابوری

خستنەڕوی شمەك پێكهێنەری لایەنێكی گرنگی تیۆری لە زانستی ئابوریدا ، بۆیە لێردا گرنگە لە ڕوی تیۆریەوە باسی ئەو شیكارە بكرێت بۆ شمەكی ئاو ، بە شێوەیەكی گشتی وەك شمەكێكی ستراتیژی گرنگ ، لەو ڕوەوە ئەم باسە گرنگیبەو لایەنە تیۆریە ئەدات لەم بوارانەوە .

### یەكەم / پێناسەی خستنەڕو و خستنەڕوی ئاو :

#### ١- پێناسەی خستنەڕو :

خستنەڕوی هەرشمەكێك بریتیە لە بڕی ئەو شمەكەی كە بەرهەمهێن ئارەزوی فرۆشتنی هەیە لە ماوەیەكی دیاری كراودا بە پێی نرخی بازاڕ ، خستنەڕوی هەر شمەكێك نەخشەی نرخی شمەكەكە و تێچونی بەرهەمهێنانیەتی . هەمیشە خستنەڕو خشتەیەكە بۆ نرخەكان و بڕی شمەكەكانە كە دەفرۆشرێن بە نرخی جیاواز (علي ، ١٦١ ، ١٩٨٤ ) .

خستنەڕو ڕنگدانەوەی وەلامی بەرهەمهێنەكانە بۆ ئارەزوی بەكارهێنەكان ، لە كاتێكدا ئامانجی بەكارهێنەكان بەدەستهێنانی زۆرترین كەڵكە بۆ بەدیهێنانی تێركردنی زۆرینەی پێداویستیەكان ، لەهەمان كاتدا ئامانجی بەرهەمهێنەكان بەدەست هێنانی زۆرترین قازانجە لە پرۆسەی بەرهەم هێنان .(القريشي و الشمري ، ١٣٠ ، ١٩٩٣ ) .

٢ خستنەڕوی ئاو :

خستنەڕوی ئاو هەڵگری كۆمەڵێك تایبەتمەندیە وای لە ئاو كردوە میكانیزمی بازاڕ لەگەڵ دانانی نرخ بۆ ئاودا كار نەكات . ئەمەش لەبەر گرنگی ئاو و قۆرغكردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان ودابەشكردنی لە لایەن حكومەتەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ، لەبەر ئەوە حكومەت خۆی هەڵدەستێت بە دانانی نرخ بۆ ئاو ، لە ئەنجامدا نرخ كاریگەری لەسەر بڕی خستنەڕو نابێت .

١ ئەو هۆكارانەی كاریگەریان هەیە لەسەر خستنەڕوی ئاو :

كۆمەڵێك هۆكار هەن كاریگەریان هەیە لەسەر خستنەڕوی ئاو لەوانە :

أ هونەری بەرهەم هێنانی ئاو و ئاستەكانی تەكنەلۆژیای بەكاربراو لە بەرهەم هێنانی ئاودا :

گۆڕینی تەكنەلۆژیای بەكاربراو لەگەڵ داهێنانی نویٚ لەو بوارەدا دەبێتە هۆی ڕودانی گۆڕانكاری لە تێچونی بەرهەم هێناندا ، بە كاربردنی تەكنەلۆژیای نویٚ لە بەرهەم هێنانی ئاودا دەبێتە هۆی زیاد بونی بڕی بەرهەمهێنانی ئاو بە هۆی بەرزی وزە وتوانای بەرهەمداری ئامێرە نوێكان .

ب نرخی هۆكارەكانی بەرهەمهێنان :

گۆڕانی نرخی هۆكارەكانی بەرهەمهێنانی ئاو دەبێتە هۆی گۆڕانكاری لە تێچونی بەرهەم هێنان و دروستكردنی كاریگەری لەسەر قەبارەی بەرهەم . وەك بەرز بونەوەی نرخی ئامێر و تەكنەلۆجیای بەرهەمهێنان .

ج كاریگەری هۆكارە سروشتیەكان لەسەر خستنەڕوی ئاو ئەمانە دەگرێتەوە :

بڕی دابارین بە پێی جیاوازی وەرزەكانی ساڵ .

بونی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی .

پلەكانی گەرمی و بە هەڵم بون .

زیادبونی بڕی دابارین دەبێتە هۆی بەرز بونەوەی خستنەڕوی سروشتی ئاو كە ئەمەش هەل و تواناكانی ڕەتاندنی تەواوی ( الأستغلال الأمثل ) دەرامەتی سروشتی ئاو دەڕەخسێنێت ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بونی بڕی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی و دەبێتە هۆی ئاسانكردنی ڕەتاندنی ئاو لە ڕوی ئابوریەوە ، هەروەها بڕی شیٚ و پلەكانی گەرما و بە هەڵم بون ڕۆڵیان هەیە لە زیادبون یان كەم بونی بڕی خستنە ڕوی سروشتی ئاو .

دووەم/ چەماوەی خستنەڕوی ئاو :


وەك ڕونكرایەوە بڕی خستنەڕوی ئاو نەكەوتۆتە ژێر كاریگەری نرخەوە لەبەر ئەوە چەماوەی خستنەڕوی ئاو لەژێر كاریگەری نرخدا دروست نابێت ، لەبەر ئەوە دەكرێت چەماوەی خستنەڕوی ئاو لە ماوەی درێژدا لە ئەنجامی كۆكردنەوەی چەماوەكانی تێچونی ڕادەدار لە ماوەی كورتدا پەیدا دەبێت .( احمد چاو شین ، ٢٠٨ ، ٢٠٩ ، ٢٠٠٠ ) .

كەواتە چەماوەی تێچونی ڕادەدار دادەنرێت بە چەماوەی خستنەڕوی ئاو ، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەوە كە بەپێی تیۆری ئابوری بەرهەم هێن دەڕوانێتە نرخی شمەك بەو پێیەی كە نرخی شمەك یەكسانە بە تێچونی ڕادەدار لە بازاڕی كێبڕكێی تەواودا ، لەم بارەدا بەرهەمهێن هەوڵ دەدات كە نرخی ئاو یەكسان بێت بە داهاتی ڕادەدار بۆ دیاری كردنی باشترین ئاستی بەرهەم هێنان ، بەو جۆرە چەماوەكانی تێچون لە ڕاستیدا دەبنە دەربڕی چەماوەی خستنەڕوی ئاو بۆ بەرهەم هێن .( كامران احمد حمە ، ٤٢ ، ٢٠٠٣ ).

ئەم وێنەیە دەربڕی چەماوەی خستنەڕوی ئاوە لە ماوەی درێژدا (كامران احمد حمە ، ٤٣ ، ٢٠٠٣ )

شیوەی (١)

چەماوەی خستنەڕوی ئاو لە ماوەی درێژدا




سەرچاوە / کامران احمد حمە ، ٤٣ ، ٢٠٠٣

**سێهەم / جۆرەکانی خستنەڕوی ئاو :**

**ئاو یەکێکە لە جۆرەکانی دەرامەتە سروشتیەکان لەبەرئەوە ئاو دوو جۆر خستنەڕوی هەیە ئەوانەش :**

**خستنەڕوی سروشتی ئاو:** ( Physical Supply of water )

**بریتیە لە بونی سروشتی ئاو ، یان بریتیە لە بونی ئاو لەسەر زەوی و لە ژێر زەوی ، لە شێوەی داباربن و ئاوی دەریاو زەریاکان و بەستەڵەکە ئاویەکانی جەمسەری باکور و باشوری گۆی زەوی ، ئەمانە سەرجەمیان قەبارەی خستنەڕوی دەرامەتی ئاوە لە جیهاندا ، ئاوی باران و ڕوبارو بیرو کانیاو و کارێزەکان دەربڕی خراوەڕوی دەرامەتی ئاوە بۆ بەکارهێنان لە کەرتە جیاوازەکان پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی بەکارهێنانی ئاو .**

**خستنەڕوی ئابوری ئاو :** ( Economic Supply of water )

**خستنەڕوی ئابوری ئاو ئەو بڕە ئاوەیە کە دەخریتەڕو مرۆڤ خستویەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لە ڕێگەی پرۆسەی بەرهەم هێنانی ئاوەوە ئامادە کراوە بۆ بەکارهێنان و بەکاربردن لە کەرتە جیاوازەکانی ئابوریدا . (السامرائي ، المشهداني ، ٨٦ ، ١٩٩٤) .**

**چوارەم / دانانی نرخی ئاو :**

**نرخ دەربڕینی بەهایە بە پارە ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بارو دۆخی بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕ لەو سیستەمە ئابوریەی کە مۆرکی شمەك ئامێزی پێوە دیارە ، لە سیستەمە کاڵاییەکاندا شمەکی بەرهەم هێنراو لە سەر بنەمای شمەك بون مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت .( جواد ، ٦ ، ١٩٧٧) . نرخ دەربڕی پەیوەندی نێوان شمەکێك و شمەکێکی دیکەیە لە سەر ئەم بنەمایە نرخ لە سەر مەودای دەگمەنی و ئارەزو بۆ ئەو شمەکە دەوەستێت ،نرخ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سیستەمی ئابوریدا لە بەر ئەوەی ئەرکی دابەشکردنی دەرامەتەکان دەگرێتە**

ئەستۆ ، لەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە نرخ دادەنرێت بەو بڕە پارەیەی کە کڕیار دەیدات بە فرۆشیار لە بەرامبەر بڕێکی دیاری کراو لە شمەکێك ، نرخ دەکرێت بە دوو جۆرەوە کە ئەمانەن :( خلیفة و جعاطة ، ١٥٦ ، ١٩٧٨ ) .

١- نرخە ڕەهاکان ( الأسعار المطلقة ): ئەمە بریتیە لە بەهای شمەك کە ڕاستەوخۆ بە پارە دەپێوریٚ .

٢- نرخی ڕێژەیی ( السعر النسبی ) : بریتیە لە بەهای شمەك کە دەپێورێت بە نرخی شمەکەکانی تر .

نرخ دانان بۆ ئاو وەك شمەکێکی ئامادە بۆ بەکارهێنان یان وەك بنەمایەکی بەرهەم هێنان ، کارێکی گرنگە چونکە ئێستا ئاو لە دەرەوەی چەمکە ئابوریەکاندا نەماوە ، دوای ئەوەی نرخ بوە بە گرنگترین ئاماژە لە ئاماژە ئابوریەکان . ئاو شمەکێکە کەڵکی هەیە بۆ بە کارهێن و بەرهەم هێن و خاوەنی تێچونی خۆشیەتی ، کەواتە ئاو شمەکێکی ئابورییە ، لە بەکارخستنیدا دەبێت تێچونی ڕادەداری ئاو یەکسان بێت بە کەڵکە ڕادەدارەکەی ، ئەم یەکسان بونە مانای توانای ئابوری لە بەکارهێناندا دەگرێتە خۆ . بە پێی تیۆری ئابوری لە بازاڕی کێبڕکێی تەواودا نرخ بەم جۆرەیە ، (جاسم ، ٦٥ ، ١٩٨٤ ) .

P . = AC MC =MR =

P = Price نرخ .


MC = Marginal Cost تێچونی ڕادەدار .

MR = Marginal Revenue دەسهاتی ڕادەدار .

AC = Average cost تێکڕای تێچون .

شێوەی ٢

هاوسەنگی لە بازاڕی کێبڕکێی تەواودا لە ڕوی تیوریەوە




لەم وێنە تەنها لە ڕوی تیۆریەوە ئەوە خراوەتە ڕو کە لە بازاڕی کێبڕکێی تەواودا بە پێی تیوری ئابوری چۆن لە خاڵێکی دیاری کراودا هاوسەنگ دەبن .

## باسی دووەم

## پرۆسەی بەرهەم هێنان و دابەشکردنی ئاو لە ماوەی

## ( ١٩٩٠ ، ٢٠١٤ )

**دەسپێك**

شاری سلیمانی وەك شاریكی كارگێری سیاسی حوكمداری ئەمارەتی بابان لە سالی ١٧٨٤ ز لە لایەن ابراهیم پاشای بابانەوە دروست كرا ، شاری سلیمانی دەكەوێتە بازنەكانی پانی ( ٣٣ .٣٥ ) پلەی باكور و هێڵی درێژی ( ٤٥,٢٧ ) پلەی باكور . بە پێی هەلكەوتەی جوگرافیایی لە بناری چیای گۆیژە دروستكراوە ، شاری سلیمانی وەك هەر ناوچەیەكی نیشتەجێی مرۆیی سەرچاوەكانی خزمەتگوزاری وەك ئاوی زێراب بە هەند وەرگیراوە ، زێرابەكانی سەردەمی ابراهیم پاشای بابان لە گەڕەكی ئەصحابە سپی ئیستاش زۆر بە باشی ماون شاهیدی ئەوەن كە شاری سلیمانی لە سەر شێوازێكی هاوچەرخانە دروستكراوە پشت بەستووبە شێوازی دیزاینی شار لە ئەوروپا .

پێویستە ئاماژە بەوە بكریت كە سەرچاوەی ئاو بۆ كاروباری ناو ماڵان لە سەرەتاوە پشتیان بە ئاوی كانیاوەكانی دێكانی كانی ئاسكان و دەرگەزێن و پیر مەنصور بەستوە ( ئەو سێ گوندە ئیستا سێ گەڕەكی كۆنن لە ناو شاری سلێمانی ) ، پاش زیادبونی ژمارەی دانیشتوان ، زۆر بون و فراوان بونی شار لە ئەنجامی كۆچی گوندەكانی دەورو بەری بۆ ناو شار وای كردوە كە چیتر ئاوی ئەو كانیاوانە بەشی پێداویستیەكانی دانیشتوانی شاریان نەكردوە بۆیە دەسەلاتداران ( هەتا پاش ڕوخانی ئەمارەتی بابانیش لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا ) دەستیان كردوە بە لێدانی كارێز و هەڵكەندنی بیری ئاسایی بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی تەواو بۆ دانیشتوان . بە پشت بەستن بەوەی باسكرا ئەم باسە پێك دێت لە :

یەكەم / بڕی ئاوی بەرهەم هینراو .

دووەم / دابەشكردنی ئاو .

سێهەم / تێچونی بەرهەم هێنانی ئاو .

چوارەم / نرخی ئاو .

**یەكەم / بڕی ئاوی بەرهەمهینراو :**

وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێكراوە شاری سلێمانی بۆ بەرهەم هێنانی ئاو لە سەرەتای دروست بونیەوە پشتی بەستوە بە دوو سەرچاوەی سەرەكی ئاو ئەوانیش بیر و كارێزوو هەندێك لەو كانیاوانەی كە هەبون لە ناو شاری سلێمانی ، بەڵام لە دوای گەورە بونی شاری سلێمانی و كۆچكردنی بەرچاوی دانیشتوانی گوندەكان بۆ ناو شار وای لێهات كە چیتر ئاوی بیرو كاریزوو كانیاوەكان بەشی پێداویستی هاوڵاتیان و دانیشتوانی شاری سلێمانی نەدەكرد .

بەپێی ئامارەكانی سەرژمێری دانیشوان لە لایەن حكومەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوان لە شاری سلیمانی تەنها ( ٤٨٠٠ ) كەس بوە . ، بەڵام هەر لەگەل دەستكردن بە دروستكردنی هەردوك بەنداوی دوكان و دەربەندیخان لەبەر زۆری پێداویستی ئەو دوو بەنداوە وە بە كەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی ئاوی سەرچنار لە ساڵی ١٩٥٥ كارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دامەزراوە . هەر لەگەڵ ئەو پرۆژەیەشدا بۆریەك ئاو لە سەرچنارەوە نێردراوە بۆ سلێمانی بە بەكاربردنی سێ پەمپ و بەستراوەتەوە بە

تانكی گردی جۆگەوە بە بڕی بەرهەمی (٨٠٠٠ م٣/ ڕۆژ ) لە پاشاندا دابەشكراوە بەسەر گەڕەكەكانی ئەو سای سلیمانی ( بەڕێوەبەراتی ئاماری سلێمانی ، ئاماری بلاو نەكراوە ) .

بۆ ئاماژە دان بە بڕی ئاو و ژمارەی كارێزەكانی شاری سلێمانی كە تائیستاش هەندێك لە كارێزانە ماون كەڵك لە خشتەی ژمارە ١ وەردەگرین .

ناوی كارێز و بڕی ئاوی بەرهەم هێنراو ( م٣/ ڕۆژ )

| ز | ناوی كارێز | شوێن | توانای بەرهەم هینان م٣/ ڕۆژ |
|---|---|---|---|
| ١ | شیخ محمود | گەڕەكی ئیسكان | ٧٢٠ |
| ٢ | مەجید بگ | محله مجید بگ | ٨٤٠ |
| ٣ | عزیزغا | گەڕەكی ملكندی (فولكەی سجن) | ٩٦٠ |
| ٤ | حاجی بگ | گەڕەكی إبراهیم باشا | ٩٦٠ |
| ٥ | سەید حسن | گەڕەكی صابونكەران | ٦٠٠ |
| ٦ | قوریە شكاو | گەڕەكی شۆرش | ١٦٤٥ |

سەرچاوە / بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بلاو نەكراوە .

لەم خشتەیەدا بڕی ئاوی ڕۆژانە دیاری كراوە كە لە ٦ كارێزەوە بەدەست كەوتون كارێزی قوریە شكاو زۆرترین ئاوی لە ڕۆژێكدا بەرهەم هێناوە ، كە بڕەكەی ( ١٦٤٥ م٣ / ڕۆژ ) .

لە ساڵی ١٩٧١ هێڵی دوەمی سەرچنار گردی جۆگە ڕاكێشراوە ،بڕی بەرهەمی ئاو گەیشتە ( ٢٨٠٠٠م٣ / ڕۆژ ) .پاش زیاتر فراوانبونی شار توانای بەرهەمهێنانی ئاویش گەشەی پێدراوە ، لە ساڵی ١٩٩٠ بڕی بەرهەمی ئاو گەیشتۆتە ( ٢٠٠٠٠٠ م٣ / ڕۆژ ) . ژمارەی پەمپەكان لە سەرچنار لە ساڵی ١٩٩٠ (٥٠ ) پەمپ بوە ، لە ساڵی ٢٠٠١ ژمارەیان گەیشتۆتە ( ٥٨ پەمپ ) ﴿ بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بلاو نەكراوە ﴾ .

لە پاش ئەم بەرواروەو ڕوودانی گۆڕانكاریە دیمۆگرافیە خێراكان كە بەسەر شاری سلێمانیدا هات ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی زۆر بەخێرایی زیادی كردوە بۆیە وردە وردە چیتر نەتوانراوە بۆ دابین كردنی ئاوی پێویست پشت بە ئاوی كانی و كارێز و بیرەكان ببەستێت ، بۆیە تا كۆتایی هەفتاكان شاری سلێمانی زیاتر كەڵكی لە ئاوی سەرچنار وەرگرتوە . ئەم پشت پێبەستنە تا سەرەتاكانی سەدەی بیست و یەك درێژەی كێشاوە ، بە جۆریك سەرچاوەی ئاوی سەرچنار ( ٧٨ ٪ ) ئاوی سلێمانی دابین كردوە ﴿بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بلاو نەكراوە ﴾ .

لە كۆتایی حەفتاكان وسەرەتاكانی هەشتاكانی سەدەی بیستەمدا بۆ یەكەم جار پرۆژەی ئاوی دوكان جێبەجێكرا بە بڕی بەرهەمهێنانی ( ٢٠٠٠م٣ / سەعات ) ، بە شیوەیەكی گشتی دەكرێت بڕی بەرهەمهێنانی ئاو لە شاری سلێمانی لە سالی ( ١٩٩٠ ٢٠١٤ ) لە خشتەی ژمارە ( ٢ ) دا بخرێتە ڕوو .

### خشتەی ژمارە ٢

**بڕی ئاوی بەهەم هێنراوی ساڵانە لەگەڵ ڕێژەی بەشداری هەر سەرچاوەیەك لە سەرچاوە جیاوازەكانی بەرهەمهێنانی ئاو لە شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی ( ١٩٩٠ – ٢٠١٤ ) (مەتر سێجا )**

| ز | ساڵ | پرۆژەی سەرچنار | ٪ | پرۆژەی دوكان (١ و ٢) | ٪ | ئاوی كاریزەكان | ٪ | ئاوی بیرەكان | ٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٩٠ | ٤٠٥٢٠٠٥٤ | ٧٨,٩ | ٨٥٠٣٩٣٧ | ١٦,٦ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٩ | ٦٣٩٤٨٠ | ١,٢ | ٥١١٥٢٦٧١ |
| ٢ | ١٩٩١ | ٣٩٢٢٣٣٣٢ | ٧٨,٩ | ٨١٨٨٩٧٦ | ١٦,٥ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٣ | ٦٣٩٤٨٠ | ١,٢ | ٤٩٥٤٠٩٨٨ |
| ٣ | ١٩٩٢ | ٤٢٠٢٩٦١٨ | ٧٩,٣ | ٨٦٢٩٩٢١ | ١٦,٣ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٨ | ٦٣٩٤٨٠ | ١,٢ | ٥٢٧٨٨٢١٩ |
| ٤ | ١٩٩٣ | ٤٣٥٤١٩١٨ | ٨٠,٧ | ٨١٨٠٥٣٥ | ١٥,٢ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٧ | ٦٣٩٤٨٠ | ١,١ | ٥٣٨٥١١٣٣ |
| ٥ | ١٩٩٤ | ٤٥٦٨٦١٤٤ | ٨٠,٥ | ٨٤٤٠٩٤٥ | ١٥ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٦ | ٩٦٣٦٠٠ | ١,٧ | ٥٦٥٧٩٨٨٩ |
| ٦ | ١٩٩٥ | ٤٧٠٢٠٧٨٠ | ٨٠,٧ | ٨٥١٥٦٠٢ | ١٤,٦ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٥ | ٩٦٣٦٠٠ | ١,٦ | ٥٧٩٨٩١٨٢ |
| ٧ | ١٩٩٦ | ٤٨٢٨١٣٤٩ | ٨١,٥ | ٨٣١٤٩٦١ | ١٤ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٥ | ٩٦٣٦٠٠ | ١,٦ | ٥٩٠٤٩١١٠ |
| ٨ | ١٩٩٧ | ٤٨٣٢٣٦٢٦ | ٨٢,١ | ٧٨٧٤٠١٥ | ١٣,٤ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٥ | ٩٦٣٦٠٠ | ١,٦ | ٥٨٦٥٠٤٤١ |
| ٩ | ١٩٩٨ | ٤٧٣٣٥٢٣٢ | ٧٩,٦ | ٩٤٤٨٨١٩ | ١٥,٩ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٥ | ٩٦٣٦٠٠ | ١,٦ | ٥٩٢٣٦٨٥١ |
| ١٠ | ١٩٩٩ | ٣٧٢٥٧٠٠٠ | ٧١,٦ | ١١٣٣٨٥٨٠ | ٢٢,٢ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٨ | ٩٦٣٦٠٠ | ١,٨ | ٥١٠٤٨٣٨٠ |
| ١١ | ٢٠٠٠ | ٤١٢٠٠٣٠٠ | ٧١,١ | ١٣٢٢٢٨٤٦ | ٢٢,٦ | ١٨٣٩٦٠٠ | ٣,٦ | ١٨٣٩٦٠٠ | ٣,١ | ٥٨٣٥٧٨٧١ |
| ١٢ | ٢٠٠١ | ٤٠٥٩٧٧٣١ | ٧٠,٨ | ١٢٦٨٥٩١ | ٢١,٨ | ٢٧٠٢٤٦٠ | ٣,٦ | ٢٧٠٢٤٦٠ | ٤,٧ | ٥٨٠٧٥٧٣٠ |
| ١٣ | ٢٠٠٢ | ٤١٤٦٦٢١٤ | ٩٠,٤ | ٢٢٨٥٤٧١ | ٤,٩ | ١٤٧٨٥٢٠ | ٣,٢ | ٦٣٩٤٨٠ | ١,٤ | ٤٥٨٦٩٦٨٥ |
| ١٤ | ٢٠٠٣ | ٤٠٨٩٤٧٢٥ | ٨٧,٨ | ٢٩٨٥٤١٢ | ٦,٤ | ٢٠١٤٧٨٥ | ٤,٣ | ٦٣٩٤٨٠ | ١,٣٧ | ٤٦٥٣٤٤٠٢ |
| ١٥ | ٢٠٠٤ | ٤١٠٣٢٥٦٥ | ٨٧,٨ | ٣٥٤٧١٢٠ | ٧,٦ | ١٤٧٢٥٨٣ | ٣,١٥ | ٦٣٩٤٨٠ | ١,٣ | ٤٦٦٩١٧٤٨ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | ٢٠٠٥ | ٤٠٨١٢٥٩٦,٠٨ | ٨٧,٢ | ٤٠٩٢٠٠٧ | ٨,٧ | ١٢٥٤٧٨٢ | ٢,٦ | ٦٣٩٤٨٠ | ١,٣ | ٤٦٧٩٨٨٦٥ |
| ١٧ | ٢٠٠٦ | ٤٠٧٥٢٧٤٤,٤٤ | ٨٣,٨ | ٥٣٨٧٦٠٠ | ١١,٠٨ | ١٤٨٩٥٤٧ | ٣ | ٩٦٣٦٠٠ | ١,٩ | ٤٨٥٩٣٤٩١ |
| ١٨ | ٢٠٠٧ | ٣٨٦٤٨٦٦٠,٦١ | ٧١,٨ | ١٢٦٥٦٦٥٠ | ٢٣,٥ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٢,٧٧ | ٩٦٣٦٠٠ | ١,٨ | ٥٣٧٥٨١١٠ |
| ١٩ | ٢٠٠٨ | ١٩٤٢٧٨٥٢,٦١ | ٤٧,٥ | ١٨٩٥٣١٦٠ | ٤٦,١ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٣,٦ | ٩٦٣٦٠٠ | ٢,٣ | ٤٠٨٣٣٨١٢ |
| ٢٠ | ٢٠٠٩ | ٤٠٩١٩٤٠٧ | ٢٧,٥ | *١٠٥٤٢٥٣٢٨ | ٧٠,٨ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٠,٩ | ٩٦٣٦٠٠ | ٠,٦ | ١٤٨٧٩٧٥٣٥ |
| ٢١ | ٢٠١٠ | ٢٩٨٣٧٥٣٩,٥٥ | ٣٠,٨ | ٦٤٣٦٥٣٨٥,٤١ | ٦٦,٦ | ١٤٨٩٢٠٠ | ١,٥ | ٩٦٣٦٠٠ | ٠,٩ | ٩٦٦٥٥٧٢٤ |
| ٢٢ | ٢٠١١ | ٢٨٥٥٠٢٣٥,٢٤ | ٢٩,٣ | ٦٩٢٢٢٧٦٧,٤١ | ٧١,٢ | ١٤٨٩٢٠٠ | ١,٥ | ٩٦٣٦٠٠ | ٠,٩ | ٩٧٢٢٥٨٠٢ |
| ٢٣ | ٢٠١٢ | ٥٦٠٥٤١٨٩,٧٧ | ٢٨,٢٦ | ١٣٩٨٠٩٥١٩,٣ | ٧٠,٥ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٠,٧ | ٩٦٣٦٠٠ | ٠,٤ | ١٩٨٣١٦٥٠٨ |
| ٢٤ | ٢٠١٣ | ٥١٧٢٤٣٥٣,٩٨ | ٢٣,٥ | ١٦٥٢٩٣٣٥١,٨ | ٧٥,٣ | ١٤٨٩٢٠٠ | ٠,٧ | ٩٦٣٦٠٠ | ٠,٤ | ٢١٩٤٧٠٥٠٦ |
| ٢٥ | ٢٠١٤ | ٦٢٠٦٣٩٨٣,٤٤ | ٢٦,٦ | ١٦٩١٠٢٤٢٤,٢ | ٧٢,٣٨ | ١٤٧٢٥٨١ | ٠,٦ | ٩٦٣٦٠٠ | ٠,٢١ | ٢٣٣٦٠٢٥٨٨ |

**سەرچاوە / ١ لە زنجیرەی ( ١٩٩٠-٢٠٠٢ ) وەرگیراوە لە ﴿ كامران احمد حمه ، العرچ والگلب على المیاه في مدینه السلیمانیه لٲغراچ المنزلیه الصناعیه و الخدمیه خلال الفتره ١٩٩٠-٢٠٠٢ ، رساله ماجستیر في العلوم الٲقتصادیه ، جامعه السلیمانیه ، كلیه الٲداره والٲقتصاد ، سنه ٢٠٠٣ ، غیر منشوره ﴾.**

**١ لە زنجیرە ( ٢٠٣-٢٠١٤ ) وەرگیراوە لە ( بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلیمانی ، ئاماری بلاو نەكراوە ).**

**لەم خشتەیەوە ڕون دەبێتەوە بەرهەم هێنانی ئاو لە شاری سلێمانی لە ماوەی ٢٤ ساڵدا . وەك ئامازەی پێدرا سەرچاوەكانی بەرهەم هێنانی ئاو بە بڕی جیاواز بەشدار بون لە دابین كردنی بڕی ئاوی پێویست بۆ شارەكە بەڵام سەرچاوەی ئاوی سەرچنار تا ساڵی ٢٠٠٩ پشكی شێری بەردەكەوێت تەنها ساڵی ٢٠٠٨ نەبێت ڕێژەی بەشداری كردنی سەرچنار لە بەرهم هێنانی ئاو بریتی بوە لە ( ٤٧,٥ ٪ ) بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ ئاوی سەرچنار ڕێژەی ( ٩٠٪ ) پێكهێناوە ، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دواوە بە هۆی تەواوبون و كەوتنە كاری هێڵی دووەمی دوكان پشكی شێر لە لایەن پڕۆژەی ئاوی دوكانەوە دابین دەكرێت . دەربارەی ئاوی بیرو كارێزەكان بڕەكەی زۆر كەمە بە هۆی كاریگەری پڕۆژەی دوكان ئەو دوو سەرچاوەیە گرنگی خۆیان زۆر لەدەست داوە لە بەرهەم هێنانی ئاو لە شاری سلێمانی.**

**لە خشتەی ژمارە ( ٣ ) دا پڕۆژەسەرەكیەكانی بەرهەم هێنانی ئاوی شاری سلێمانی خراوەتە ڕوو لەگەڵ توانای بەهەم هێنانی ئەو پڕۆژانەو ساڵی دروستكردنیان .**

پڕۆژە سەرەکیەکانی بەرهەم هێنانی ئاو لە شاری سلێمانی ( ٢٠١٤ )

سەرچاوە / بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بڵاو نەکراوە .

لەم خشتەیەدا بەرواری دەست پێکردنی بەرهەم هێنانی ئاو لە هەریەك لەو سێ پڕۆژە سەرەکیەی ئاوی

| ز | ناوی پڕۆژە | شوێنی پڕۆژە | بەرواری دامەزراندن | توانای داڕێژراو $m^3\backslash hr$ | توانای پراکتیکی $m^3\backslash hr$ | سەرچاوەی ئاوی و پڕۆژەکە | ژمارەی سوودمەند ەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پڕۆژەی ئاوی سەرچنار | گەرەکی سەرچنار | ١٩٥٣ | ٢٠٠٠ ٨٠٠٠ | ٢٠٠٠ ٨٠٠٠ | سەرچاوەی سەرچنار | ٣٠٠٠٠٠ کەس |
| ٢ | پڕۆژەی ئاوی دوکان (هێڵی یەکەم) | شارۆچکەی دوکان | ١٩٨٣ | ٣٢٠٠ | ٣٠٠٠ | بەنداوی دوکان | ٢٠٠٠٠٠ کەس |
| ٣ | پڕۆژەی ئاوی دوکان (هێڵی دووەم) | شارۆچکەی دوکان | ٢٠٠٨ | ٨٠٠٠ | ٦٥٠٠ | بەنداوی دوکان | ٦٠٠٠٠٠ کەس |

سلێمانی خراوەتە ڕوو لەگەڵ توانای بەرهەمهێنانی ئاو لە پڕۆژەکە .

دووەم / دابەشکردنی ئاو :

ئاوی شاری سلێمانی لە سەرچاوە سەرەکیەکانی بەرهەم هێنانەوە لە ڕێگەی بۆری قەبارە جیاوازەوە دەنێردرێن بۆ تانکی گەورە گەورەی قەبارە جیاواز و دروستکراو لە لەوح و پلێتی ئاسن یان چیمەنتۆ ، ژمارەی ئەو تانکیانە ٧٢ تانکین کە لە ٣١ وێستگەی و شوێنی بەرزی شاری سلێمانی بنیات نراون و لە ڕێگەی تۆڕی بۆریەوە بەسەر تەواوی شاری سلێمانیدا ئاو دابەش دەکرێت ، توانای کۆکردنەوە و لە خۆ گرتنی ئاو لە سەرجەم ئەو ٧٢ تانکیە بڕەکەی دەگاتە ( ٩١٨٦٧ م٣ ) ئەمەش مانای ئەوەیە لە یەك ساتدا دەتوانرێت ئەو بڕە لە ئاو لە تانکیەکاندا بونی هەبێت ( بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بڵاو نەکراوە ).

هێڵی بۆری دابەشکردنی شاری سلێمانی قەبارەکانیان جیاوازە کە لە ( ٣ ئینج ) دەست پێدەکات تا قەبارەی ( ٢٤ ئینج ) کە تەواوی گەڕەك و کۆڵانەکانی سلێمانی تۆڕی ئاوی تایبەت بەخۆی تێدا هەیە ، درێژی تۆڕی دابەشکردنی ئاو بۆ تەواوی شاری سلێمانی درێژیەکەی تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ دەگاتە (٢٦١,١٩٩ ) کم ( بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بڵاو نەکراوە ) .

لە سەدەی بیستەمدا هەتا کۆتایی هەفتاکان لە ماڵەکانی شاری سلێمانی پێوەری بۆ پێوانی بڕی ئاوی بەکارهێنراو هەبوو ، بەڵام لە دوای شەڕی عێراق ئێرانەوە کار کردن بەو پێوەرە فەرمۆش کرا ، لە ئەنجامی هەوڵێکی زۆر ئیستا بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لە هەوڵدایە بۆ گەڕاندنەوەی بە کاربردنی پێوەری ئاو بۆ دیاری کردنی بڕی ئاوی بەکارهێنراو ، وە دیاری کردنی نرخی ئاو بەپێی بڕی ئاوی بەکار هێنراو لە تەواوی کەرتە جیاوەزەکانی ناو شاری سلێمانی ( بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بڵاو نەکراوە ) .

سێهەم / تێچونی بەرهەم هێنانی ئاو :

بەرهەم هێنانی ئاو هیچ جیاوازیەکی نیە لە بەرهەم هێنانی شمەکێکی دیکە ، حکومەت هەڵدەستێت بە

خەرجكردنی برێك پارە بۆ بەرهەم هێنان و دابەشكردنی ئاو ، خەرجیەكانی حكومەت بۆ ئەم پرۆسەیە كە پێكدێت لە ﴿ موچەو كرێ و كرینی شمەك و كارگوزاریە پێویستەكان ﴾ ، سەرجەم ئەو خەرجیانە خەرجی دابەشكردن پێك دێنن كە لە هەمان كاتدا تێچونی بەرهەم هێنانیشە ، بە شێوەیەكی گشتی خەرجیەكان ئەمانەن :

### ١- موچە و كرێ و دەرماڵەی كرێكاران :

ئەم جۆرە لە خەرجی پێك دێت لە تەواوی موچە و كرێ و دەرماڵەی تەواوی فەرمانبەر و كرێكارانی ئەو بەرێوەبەرایەتیە لە ماوەی یەك ساڵی دارایی دا .

### ٢- خەرجی پێداویستیە كالاییەكان :

بریتیە لەو برە پارەیەی خەرج دەكرێت بە مەبەستی بەدەست هێنانی شمەكی پێویست بۆ پرۆسەی بەرهەم هێنان و دابەشكردنی ئاو ، وەك ( سوتەمەنی و كارەبا و ئاو و پێداویستیە كالاییەكانی تر ) .

### ٣- خەرجی پێداویستیە خزمەتگوزاریەكان :

بریتیە لەو برە پارەیەی خەرج دەكرێت بە مەبەستی بەدەست هێنانی خزمەت گوزاری پێویست بۆ پرۆسەی بەرهەم هێنان و دابەشكردنی ئاو ، وەك (صیانە ، چاككردنەوە ، چاپكردن ، پەیوەندیەكان ، گواستنەوە ، ............. هتد ) .

بری پارەی خەرج كراو لە ساڵێكەوە بۆ ساڵێكی تر جیاواز بوە وە ئەم تێچونە بەردەوام لە زۆر بون و بەرز بونەوەدا بوە بەهۆی بەرز بونەوەی ئاستی گشتی نرخەكان ، زیادكردنی موچە و كرێی كرێكاران و فەرمانبەان و زیاد بونی ژمارەی هاوبەشانی ئاو لە شاری سلێمانی بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە ، بۆ نمونە كۆی خەرجی حكومەت و رێكخراوە ناحكومیەكان كە لە ساڵی ٢٠٠١ خەرجیان كردوە بۆ بەرهەم هێنانی ئاو گەیشتۆتە ( ١٤٤٨٧٥٣٨ دینار عێراقی ناسراو بە چاپی سویسری ) كە دەكات ( ٢١٧٣١٣٠٧٠٠ دیناری چاپی نوێ ) رێژەی ( ٦٦,٧ ٪ ) ئەم تێچونە لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە خەرج كراوە ، بەلاَم ئەم تێچونە لە ساڵی ٢٠١٤ گەیشتۆتە زیاتر لە ( ٦٠ ملیار دینار ) كە سەرجەمی لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە خەرج كراوە ( بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بلاَو نەكراوە ) .

چوارەم / نرخی ئاو :

دانانی نرخی ئاو لە هەرێمی كوردستان لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە بە فەرمانی فەرمی دیاری دەكرێت ، لە دانانی نرخی ئاودا ، بە هیچ جۆرێك تێچونی بەرهەم هێنانی ئاو رەچاو نەكراوە ، بەڵكو تەنها بە شێوەیەكی گشتی كەرتی ماڵان و كەرتی پیشەسازی و بازرگانی هەریەكەو برێكی دیاری كراو لە پارەیان لێوەرگیراوە ، بەلاَم لە ساڵی ٢٠٠١ بە پێی بریاری سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (٤٠ ) لە ٢٣/٢/٢٠٠١ ، ئەو برە نەگۆرە گۆرانێكی كەمی بەسەردا هات وە كرا بە پێی روبەری خانووەكان بۆ كەرتی ماڵان . بە پێی ئاماری فەرمانگەی دابەشكردنی ئاو پێش ساڵی ٢٠١٠ نەتوانراوە رێژەی ( ١٠٪ ) سەرجەمی تێچونی بەرهەمهێنان و دابەشكردنی پربكرێتەوە ، بەلاَم پاش ئەو گۆرانكاریەی لە میكانیزمی دیاری كردنی نرخی ئاودا كراوە بری داهاتی كۆكراوە بەرز بۆتەوە بۆ رێژەی ( ٢٠٪ ) سەرجەمی تێچون ، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ حكومەتی هەرێم گرێبەستێكی لەگەڵ كۆمپانیایەكی بیانی واژۆ كردوە بە مەبەستی تازەكردنەوەی تەواوی تۆری بۆریەكانی ئاو دابەشكردن لە ناو شار و تەواوی شارەكانی دیكەی سەر بە پارێزگای سلێمانی ، پاشان دانانی پێوەری خوێندنەوەی بری ئاوی بەكار هێنراو بە پێی پێوەر ، نرخەكانیش بەم جۆرەیە :

**خشتەی ژمارە ٤**

**بڕو نرخی نوێی ئاو بە پێی سیستەمی پێوەری ئاو**

| ز | بڕی ئاو ( مەتر ٣ ) | نرخ ( دینار ) |
|---|---|---|
| ١ | ١ ـ ١٥ | ٣٠٠ |
| ٢ | ١٥ ـ ٣٠ | ٥٠٠ |
| ٣ | ٣٠ ـ ٤٥ | ١٠٠٠ |
| ٤ | ٤٥ بۆ سەرەوە | ١٥٠٠ |

**سەرچاوە / بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بلاو نەکراوە ) .**

**لەم خشتەیەدا ئەوە دیارە نرخی ئاو دوای تەواو بونی کاری ئەو کۆمپانیایە بە پێی بڕی ئاوی بەکار هێنراو دیاری دەکرێت ، هەتاوەکو بڕی ئاو زیاد بکات نرخی ئاو زیاتر دەبێت ، لە ڕوی زانستیە وە ئەم شێوازەی نرخ دانانە کارێکی باشە بۆ بەکارهێنانی ئاو لە لایەن هاولاتیەوە بەپێی پێویست ، لە هەمان کاتدا دەسهاتێکی باشتر بۆ حکومەت مسۆگەر دەکات کە لەوانەیە بتوانێت تێچونی بەرهەم هێنان و دابەشکردنی پڕ بکاتەوە یان بە کەمترین زیان کارەکە ئەنجام بدرێت .**

## دەرئەنجام و پێشنیارەکان

### یەکەم / دەرئەنجامەکان :

١- بڕی ئاوی بەرهەم هێنراو لە دوای ڕاکێشانی هێڵی دوەمی دوکان سلێمانی چەند جار زیادی کردوە بەو پێیەی کە بڕی ئاو لە ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتۆتە (٤٠٨٣٣٨١٢ م٣ ) بەڵام ئەو بڕە لە ساڵی ٢٠١٤ گەیشتۆتە ( ٢٣٣٦٠٢٥٨٨ م٣ ) بەو جۆرە ڕێژەی زیادبونی خستنەڕوی ئاو ( ٥٧٢ ٪ ) .

٢- ئاوی ژێر زەوی پێش تەواو بونی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان سلێمانی ڕێژەیەکی بەرزی هەبوە لە بەشداری کردنی بڕی ئاوی بەرهەم هێنراو بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠٠٢ گەیشتۆتە ( ٩٠,٢ ٪ ) بەڵام ئەو ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠١٣ کەم بۆتەوە بۆ ( ٢٣,٥٪ ).

٣- نرخ هیچ ڕۆڵێکی نیە لە دیاری کردنی بڕی خستنەڕوی ئاو لە ماوەی دیاری کراوی توێژینەوەکەدا ( ١٩٩٠ - ٢٠١٤ ) .

٤- پرۆسەی دابەشکردنی ئاو لە شاری سلێمانی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و بە شێوەیەکی باش ڕێك نەخراوە تۆڕەکانی ئاو بۆ چەند جارێك دروستکراونەتەوە بەڵام ڕایەڵی تەواو لە نێوان تۆڕە جیاوازەکاندا لاوازە ئەم دەرئەنجامە لەوە وە دەرکەوتوە کە بەڕێوە بەرایەتی ئاوی سلێمانی جارێکی تر لە ڕێگەی کۆمپانیایەکەوە تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو جێبەجێدەکات .

### دووەم / پێشنیارەکان :

١- چاو خشاندنەوە بە پرۆسەی دیاری کردنی نرخی ئاو بە جۆرێك کە پەسەند بێت لە ڕوی تیۆری ئابوریەوە لە هەمان کاتدا دادوەری تێدا ڕەچاو کرابێت ، ئەو هەوڵەی ئێستا هەیە بۆ دانانی پێوەر بە جێ بەجێکردنی کەلێنێکی باش لەو بارەیەوە پڕ دەکاتەوە .

٢- پێویستە شێوازی جیاکاری لە دانان و دیاری کردنی نرخدا پەیڕەو بکرێت ، بە جۆرێك نرخی ئاو بە پێی کەرتە ئابوریە جیاوازەکان جیاکاریان تێدا بکرێت ، هەروەها مەبەستی بەکارهێنان و بەکارخستنی ئاو بۆ مەبەستە جیاوازەکان ڕەچاو بکرێت .

٣- واز هێنان لە دیاریکردنی نرخی ئاو لە کەرتی ماڵاندا بە پێی ڕوبەری خانوو .لە ژێر ڕۆشنایی بڕیاری ژمارە ( ٤٠ ) لە ٢٣/٢/٢٠٠١ دا .

٤- ڕەچاو کردن و بەکارهێنانی سیستمێکی ژمێرەیی لە بارو گونجاو بۆ نوسینەوەی خەرجیەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئاو ئەوەش بە مەبەستی دەرخستنی تەواوی تێچونەکانی ئەو پرۆسەیە .

٥- ئەنجامدانی وەبەرهێنانی تەواو دروست بۆ ئەو پارانەی لە بواری بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئاودا خەرج دەکرێن پاش ئەنجام دانی توێژینەوەی تەواو لە بواری هەڵسەنگاندنی زانستی پرۆژەکان .

## سەرچاوەکان

**یەکەم / دۆکۆمێنتی فەرمی :**

**١- بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ، ئاماری بڵاو نەکراوە .**

**دووەم / کتێب :**

**١- د. عبدالمنعم السيد علي ، مدخل في علم الأقتصاد مبادىء الأقتصاد الجزئي ، ١٩٨٤ ، ) .**

**٢- د. محمد صالح تركى القريشى ،د. ناظم محمد نوري الشمري ، مبادىء الأقتصاد ، ( ط١ ،دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٩٣ ، ) .**

**٣- د.احمد حسن چاو شين ، الاقتصاد الجزئي التحليلي، (جامعة صلاح الدين، كلية الإدارة والاقتصاد ،اربيل ،٢٠٠٠) .**

**٤- :( د. علي يوسف خليفة ، د. احمد زبير جعاطة ، النظرية الأقتصادية التحليل الأقتصادي الجزئي ، بغداد ، ١٩٧٨ ) .**

**٥- د . خزعل مهدي جاسم ، الأقتصاد الجزئي ( ط١ ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٤ ) .**

**سێهەم / نامەی ماستەر :**

**١- كامران احمد حمة ، العرض والطلب على المياه في مدينة السليمانية لأغراض المنزلية الصناعية و الخدمية خلال الفترة ١٩٩٠-٢٠٠٢ ، رسالة ماجستير في العلوم الأقتصادية ، جامعة السليمانية ، كلية الأدارة والأقتصاد ، سنة ٢٠٠٣ ، غير منشورة .**

## الخلاصة

تعد مشكلة شحة المياه في مدن اقليم كوردستان احد المشاكل الأقتصادية التي تعاني منها المواطنون و المقيمون في تلك المدن ، تعود هذه المشكلة الى العديد من الأسباب منها ان الكمية المنتجة من المياه لم تسد الطلب الموجود على المياه ، خاصة في مواسم الحارة في السنة ، و عدم استخدام تلك المياه بشكل رشيد و عقلاني من قبل المواطنين ، تخص هذا البحث موضوع انتاج و توزيع المياه في مدينة السليمانية خلال الفترة ( ١٩٩٠-٢٠١٤ ) ، تم في هذا البحث شرح و توضيح انتاج المياه حسب النظرية الأقتصادية و تسعير المياه المنتجة في محبث الأول و تم توضيح الكمية المنتجة خلال لفترة المذكورة مع عملية توزيع المياه داخل المدينة وتم توضيح عملية تسعير المياه باساليب مختلفة و اخرها العودة الى استخدام المقياس لأقياس كمية المياه المستخدمة و المستهلكة في مدينة السليمانية ، مع تحديد السعر بشكل تساعدي اي ارتفاع سعر المياه مع ازدياد الكمية المطلوبة ، و لقد تم التوصل الى مجموعة من الأستنتاجات و منها ان مشكلة شحة المياه هي مشكلة موسمية ، و ايضا تم التوصل الى ان نسبة النمو لأنتاج المياه قد بلغ ( ٥٧٢ ٪ ) من خلال ستة سنوات ، وايضا تم توضيح بان عملية توزيع المياه عملية معقدة . وهناك ايضا مجموعة من المقترحات منها وضع سعر عادل لها بشكل ان يغطي نسبة جيدة من كلفة الأنتاج و توزيعها في مدينة السليمانية مستقبلا ، كي لا تكون عملية انتاج و توزيعها عبئا ماليا على ميزانية حكومة اقليم كوردستان .

## Abstract

The problem of water scarcity in the cities of Kurdistan, one of the economic problems suffered by citizens and residents in those cities, this problem to many reasons, including that the quantity produced from the water did not fill the demand on the water, especially in the warm seasons of the year, and not to use those waters, Rational and Irrational by citizens, belonging to this search subject of production and distribution of water in the city of Sulaymaniyah during the period (١٩٩٠-٢٠١٤), has been in this search to explain and clarify the water production as economic theory and the pricing of water produced in the first edition and clarify the quantity produced during the mentioned period with the distribution of water inside the city and clarify the process Pricing water in different ways and the last of which was a return to the use of the gauge لأقياس amount of water used and consumed in the city of Sulaimaniya, with the identification of the price might be aiding any rise in the price of water with increasing the quantity required, and has been reached a set of conclusions and to the problem of water scarcity is the problem of seasonal ingredients, and also reached that the growth rate of water production had reached ( ٥٧٢ % ) through six years, as well as has been explained that the process of distribution of water is a complex process. There is also a set of proposals to develop a fair and just price in that covers a good portion of the cost of production and distribution in the city of Sulaimaniya in the future, so that the process of the production and distribution of the financial burden on the budget of the Government of the Kurdistan province.